# شێخی چۆلی
## (توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە)

**ID No. 732**

(PP 1 - 15)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.5.1

**نادیە ولی جبار**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

nadia.jabbar@su.edu.krd

**وەگـــــرتن: 2022/10/09**

**پەسندكردن: 2023/01/03**

**بڵاوكـردنەوە: 2023/10/15**

**پوختە**

لای خەڵکی هەولێر مزگەوت و مەزار بە پیرۆز تەماشا دەکرێن. شێخی چۆلی وەک سیمبولێک شاری هەولێری پێ دەناسرێتەوە. شێخی چۆلی لە یەککاتدا، مزگەوت، گۆڕستان، مەزار و شوێنی دروستکردنی خواردنە بۆ کەمدەرامەتان. لە مێژە تاکو ئێستا شێخی چۆلی پێگەی خۆی هەیە، خەڵکی هەولێر باوەڕیان بە پیرۆزی ئەم شوێنەیە، ئێستاش ئەم مزگەوتە کراوەیە بەڕووی زیارەتکاران، نوێژخوێنان. شێخی چۆلی ١٣٩ ساڵە دروستکراوە و ئاوەدانە تاکو ئێستا، هەروەها ١٢٠ ساڵیشە خواردنی تێدا دروست دەکرێت. پرسی سەرەکی توێژینەوەکە: شێخی چۆلی بەو مێژوە درێژەیەوە تا ئەمڕۆ ئەرککانی خۆی بەجێدەگەیەنێت، چ تایبەتمەندییەکی هەیە و چۆن وەک مزگەوت، مەزار و گۆڕستان ڕۆڵی خۆی گێڕاوە؟ گرنگی ئەم توێژینەوەیە: شێخی چۆلی تاکو ئێستا شوێنێکی پیرۆزە و یەکێکە لە سیمبولەکانی شاری هەولێر و بایەخی تایبەتی هەیە لای دانیشتوانی شارەکە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە: وەسفکردنی شێخی چۆلی و تیشکخستنە سەر ئەرک کۆمەڵایەتی، ئایینی و ڕۆحییەکانیەتی لە شاری هەولێر، لەگەڵیدا دەستنیشانکردنی ئەو تایبەتمەندییە جیاکراوانەی شێخی چۆلی لە مزگەوت و مەزار و گۆڕستانەکانی دیکەی شاری هەولێر. ئەم توێژینەوەیە ئەنترۆپۆلۆژییە، میتۆدی ئیتنۆگرافی تێدا بەکارهاتووە. لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: خەڵکی سەردانی شێخی چۆلی دەکەن وەک مزگەوت، مەزار و گۆڕستان و پیرۆزی خۆی لەدەست نەداوە. گۆڕستانی شێخی چۆلی خەڵکی سەردانی دەکەن بە تایبەت ڕۆژانی پێنج شەممە. شێخی چۆلی چەند ئەرکیەکی ئاینی، ڕوحی و کۆمەڵایەتی هەیە. تاکو ئێستا خەڵکی مراز لە خۆیان دەگرن و متمانەی تەواویان پێ یەتی. هەندێک لە مزگەوتەکانی شاری هەولێر بەربانگی ڕەمەزانیان تیادا دەکرێت، بەڵام شێخی چۆلی ڕۆژانە خواردنی نیوەڕوانی تیادا ئامادە دەکرێت جگە لە ڕۆژانی هەینی و، لە یەکەم ڕۆژی جەژندا (جەژنی ڕەمەزان و قوربان)خواردنی جەژن دەکەن دوای وتاری جەژن خواردنەکە پێشکەش دەکرێت.

**دەستەواژە گرنگەکان**: مزگەوت، مەزار، شێخی چۆلی، ئەرکی کۆمەڵایەتی، ئەرکی ئاینی و ڕۆحی.

### 1- پێشەکی:

شوێنەکانی خوا پەرستی لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکان چەند ناوەندێکن, بەڵام مزگەوت جێگەیەکی جیاکراوەی هەیە لە کۆمەڵگادا. مزگەوت لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا کەم تا زۆر کاریگەری خۆی هەیە، لەهەندێک کۆمەڵگادا وەک سیمبولی ئایندارى و شوناسی کۆمەڵگاکە نیشاندەدرێت. خەڵکی موسوڵمان هێشتا سەردانی مزگەتەکان دەکەن و وەک ناوەندێکی ئاینداری و کۆمەڵایەتی و مەعریفەی ئاینی تەماشای دەکەن و، بەردەوامن لە سەردانکردنی، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە سیمبوڵەمادییەکانی ئاینیی ئیسلام و لەبڵندگۆکانییەوە تاکو ئێستا خەڵکی ئاگەداردەکرێتەوە سەبارەت بە پابەندبوونیان بە ڕینماییەکانی ئیسالم و سەردانکردنی بە ئەرک دادەنرێت لەسەر موسوڵمانان لە ڕەگەزی نێر و ئافرەتی لێ سەرپشککراوە. لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵ و ئەرکی مزگەوت بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بەڵام هەندێک مزگەوتی دیار و بەناوبانگ هەن هێشتا ئەو پێگە پیرۆز و کاریگەرەیان ماوە. لە ڕابردوو و ئێستادا، خەڵکی هەولێر بەوە ناسراون کە زۆر پابەندی دابوونەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانن، ژمارەیەکی زۆری مزگەوت لەم شارەدا هەیە و بەردەوام مزگەوتی نوێ دەکرێنەوە، بەڵام شێخی چۆلی تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە و وەک سیمبولێک شاری هەولێری پێ دەناسرێتەوە. شێخی چۆلی لە یەککاتدا، مزگەوت، گۆڕستان، مەزار و شوێنی دروستکردنی خواردنە بۆ کەمدەرامەتان. لای خەڵکی هەولێر مزگەوت و مەزار تاکو ئێستا بە پیرۆز تەماشا دەکرێن، بەوپێیەی شێخی چۆلیش هەر بە

ئاوەدانی ماوەتەوە و گرنگییەکی زۆری هەیە لای خەڵکی شارەکە. لە دێرزەمانەوە تاکو ئێستا شێخی چۆلی بایەخ و پێگەی خۆی لە دەست نەداوە، هێشتا خەڵکی هەولێر باوەڕیان بە پیرۆزی شێخی چۆلی هەیە، بەجۆرێک ئێستاش ئەو مزگەوتە ئاوەدانە و بەردەوام کراوەیە بەڕووی زیارەتکاران، نوێژخوێنان و خێرخوازاندا.

**پرسی سەرەکیی توێژینەوەکە:** مێژوو و بنەچەی شێخی چۆلی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ ئەرک کۆمەڵایەتییەکانی مزگەوتی شێخی چۆلی چیین؟ ئەرکە ئاینیی و ڕۆحییەکانی مزگەوتی شێخی چۆلی چیین؟ گرنگی مزگەوتی شێخی چۆلی بۆ خەڵکی شاری هەولێر چییە؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زانینی مێژووی شێخی چۆلی کە وایاکردوە تاکو ئێستا ئەو شوێنە وەک مزگەوت و مەزار و گۆڕستان بە پیرۆزی وەک سیمبولێکی دیاری شاری هەولێر بمێنێتەوە، پاشان تیشکخستنە سەر ئەرک کۆمەڵایەتی، ئایینی و ڕۆحییەکانی ئەم مزگەوتە لە شاری هەولێر، لەگەڵیدا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئەو تایبەتمەندییە جیاکراوانەی شێخی چۆلییە لە مزگەوت و مەزار و گۆڕستانەکانی دیکەی شاری هەولێر. هەروەها خستنەڕووی ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستا بەسەر ئەو شوێنەدا هاتوون.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

-شێخی چۆلی ناو و ناوبانگێکی زۆری لە شاری هەولێردا هەیە وەک مزگەوت، مەزار و گۆڕستان کە تاکو ئێستا بە جەنجاڵی، ماوەتەوە. یەکێکە لە سیمبولەکانی ئەم شارە و لەلایەن دانیشتوانی ئەم شارەوە بە شوێنێکی پیرۆز لەقەڵەم دەدرێت. کەس نابینییەوە کە خەڵکی هەولێر بێت و ناو وپێگەی شێخی چۆلی نەزانێت و نەیبیستبێت. هەموو ئەوانە وادەکەن توێژینەوە لەبارەی شێخی چۆلییەوە بایەخی زانستی خۆی هەبێت، لەوەش تایبەتتر، توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژییە کە بەپێی زانیارییەکانی توێژەر، لەبارەی شێخی چۆلییەوە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی ئەنجام نەدراوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیەی بەردەست خاڵی دەستپێکدەبێت بۆ وەسفکردن و دەرخستنی ئەرک و تایبەتمەندیی و گرنگی شێخی چۆلی لە شاری هەولێر.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە، تیایدا میتۆدی ئێتنۆگرافی و سیمیۆلۆژی بەکارهاتووە بۆ ئەوەی ئەو سیما و نیشانانە ڕوون بکاتەوە کە لە شوێنەکەدا هەبوون، لێرەدا شیکردنەوە و وەسفی تایبەتمەندی و ئەرککانی مزگەوتی شێخی چۆلی دەکرێت، ئەویش دوابەدوای ئامادەبوونی توێژەر بۆ ماوەیەکی زۆر لەو شوێنە و بەشداریکردنی بەردەوامی لە چالاکی و ڕێوڕەسمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی مزگەوتی شێخی چۆلی، بۆ ئەم مەبەستە، توێژەر بەردەوام لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکانی نێو مزگەوتی شێخی چۆلی کارلێکی هەبووە. ئەو ئامرازانەی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیدا بەکارهێنراون بریتین لە: چاوپێکەوتنی ئازاد، تێبینی ڕاستەوخۆ و وێنە. وەک دەزانرێت، وێنەکان دەتوانن زانیاریی دەوڵەمەند بە توێژەری ئەنترۆپۆلۆژی بدەن، هەربۆیە توێژەر کاریکردووە لەسەر وێنەگرتنی هەندێ شوێنی دیاریکراوی شێخی چۆلی کە بەسوود بوون بۆ زیادکردنی زانیاریی توێژینەوەکە.

**2- مێژووی شێخی چۆلی**(*)

شاری هەولێر چەند شوێنێکی تێدایە بوون بە سیمبوولی شارەکە و بەهۆیانەوە دەناسرێتەوە، ئەو شوێنانەش بریتین لە: قەڵا، منارەی چۆلی و شێخی چۆلی و چەند شوێنێکی دیکە. هەموو ئەوانە لە مێژووی شاری هەولێردا وەک شوێنگەلێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێن، هەندێکی ئەو شوێنە گرنگانەی هەولێر تا ئێستاش ئاوەدانن و پێگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و زیندوویی خۆیان لەدەست نەداوە، یەکێک لەو شوێنە دیارانە مزگەوتی شێخی چۆلییە. شێخی چۆلی دەکەوێتە ناوگەڕەکی تەعجیل نزیک لە ناوجەرگەی شاری هەولێر. مزگەوتی شێخی چۆلی بەیەکێک لە شوێنەوارە هەرە دیار و ناسراوەکانی شاری هەولێر دەژمێردرێت، لەمێژە ئەو مزگەوتە دروستکراوە و مێژووەکەی بۆ سەدەی (١٩) دەگەڕێتەوە، بووەتە یەکێک لە مزگەوتە دیارەکان لە مێژووی شاری هەولێردا. ئەو زەویەی کە ساڵانێکی زوو بەر لە ئێستا مزگەوتی شێخی چۆلی لەسەر دروستکراوە، زەوی حاجی ڕەشید ئاغا بووە، کە موریدی شێخی چۆلی بووە. حاجی ڕەشید بەخۆرایی ئەو پارچە زەویەی بەخشیووە بۆ ئەوەی مزگەوتێکی لەسەر دروستبکات، ئیتر دوای دروستکردنی ئەو مزگەوتە، شوێنێکی پیرۆز بۆ خودا پەرستی و خەتمەی تەریقەتی نەقشبەندی(*) دروستبووە و بووە بە خانەقای موریدانی ئەو تەریقەتە (سەرابی، ٢٠٠٩،٢١٥٥). خانەقا؛ وشەیەکی لێکدراوە لە (خان-فقهاء) پێکهاتووە، واتە (ماڵی زانایانی)ی ئاینی.

*شێخی چۆلی لە یەک کاتدا مەزار و گۆڕستانە و خانەقاشە، کە خەڵکی سەردانی دەکەن، لە گەڵیشیدا مزگەوتە و وتاری هەینی تێدا دەخوێنرێت.

*خەتمەی نەقشبەندی بریتییە لەو خەتمەیەی کە بەدانیشتنەوەو بەبێ دەنگی زیکر ئەنجام دەدرێت، بگرە زیکرکاران تەمەشای یەکتریش ناکەن، واتا بەدڵ زیکرەکە دەکرێت و زیکرکاران نابێت زمانیشیان بجوڵێنن، بەڵکو دەبێ زمانیان بە مەڵا شوییانەوە بگرن.

ئیتر بە تێپەڕبوونی کات بووە بە خانەقا. ئەو شوێنەیە کە تەریقەتی نەقشبەندی زکری خۆیانی تێدا دەکەن. خانەقا سەر بە سۆفییە، ئەمان زیاتر خەریکی خوێندنی شەریعەن، بەڵام تەکییە بە مانای پاڵدانەوە و خۆدورگرتنە لە خراپەکانی دونیا(ئیسماعیل، 2017: 49). لە مزگەوتی شێخی چۆلی ڕۆژانی پێنج شەمە تەسبیح و تەهلیلەی قادری بە دانیشتنەوە دەکرێت، هەمووڕۆژێک خەتمە دەکرێت، جگە لە ڕۆژانی هەینی. شێخ محمد لە دەوروبەری (١٣٠٠ک/١٨٨٢-١٨٨٣ز)دەستی کرد بە دروستکردنی مزگەوتی شێخی چۆلی و لە ساڵی(١٣٠١ک/١٨٨٣ز) مزگەوتەکە تەواو بووە(اسماعیل، ٨٦، ٢٠١٨). کە سەرنج لە مزگەوتی شێخی چۆلی دەدرێت، تاشە بەردێک لەسەر دەرگاکە جێگیر کراوە و ئەو مێژووەی تێدا تۆمارکراوە.

**1.2 وەسفی شێخی چۆلی:**

سەرەتا مزگەوتی شێخی چۆلی تەنها سێ گومەت بووە و نوێژی هەینی تێدا ئەنجام نەدراوە، بەڵام شوینی نوێژکردنی بۆ دروستکراوە. بنمیچی مزگەوتی شێخی چۆلی لە گومەتێکی گەورە پێکهاتووە، کە لە خشت و گەچ دروستکراوە، لەسەر چوار کۆڵەگەی قەبارە گەورەی چوارگۆشە وەستاوە، درێژی هەر لایەکی چوارگۆشەی کۆڵەگەکە لە مەترێک زیاترە هەر لەگەڵ ئەو گومەتە، شەش گومەتی دیکە لەسەر بانەکەی هەیە، کە ئەوانیش لە خشت و گەچ دروستکراون و سەرەکەیان ڕاست و تەختە. سێ لەو گومەتانە دەکەونە لای ڕاستی گومەتە گەورەکە و سێیەکەی دیکەش دەکەونە لای چەپیەوە.

دەرگای سەرەکی چوونە نێو حەرەمی مزگەوت، دەکەوێتە لای چەپی دەرگای سەرەکییەوە. هەیوانێک لەلای چەپی چوونە ژوورەوەکەوە هەیە، کە بە ئەندازەی ئەو لایە درێژ دەبێتەوە، هەیوانەکە بنمیچەکەی لە سێ گومبەتی لە کەرپووچ و گەچ دروستکراو، پێکهاتووە و سەرەکەی تەخت و ڕاستە، ئەو هەیوانە درێژدەبێتەوە و دەچێتەوە سەر حەوشەی مزگەوتەکە، شوێنی نوێژکردن دەرگایەکی دیکەشی هەیە، کە دەکەوێتە ناوەندی ڕۆژئاوای مزگەوتەکەوە. ژوورێک لای ڕۆژئاوای مزگەوتی شێخی چۆلییەوە هەیە کە لە ڕابردوودا بۆ شێخ دروستکراوە و بە حەرەمی مزگەوەتەکەوە نووساوە، ئەو ژوورە چەند پەنجەرەیەکی ئاسنینی هەیە، یەکێک لەو پەنجەرانە دەڕوانێتە شوێنی نوێژکردن، سێ پەنجەرەی دیکەی دەڕواننە حەوشی مزگەوتەکە. تا ئەمرۆ ژووری شێخ و پەنجەرەکانی ژوورەکە و دەرگا دارینەکە وەکو خۆیانن، وەک چۆن لە سەردەمی شێخدا دروستکراون.

کاتێک شێخ کۆچی دوایی دەکات، لە ژوورەکەی خۆیدا دەنێژێت، پاشان شێخ مستەفای کوڕی شێخی چۆلی جێی گرتۆتەوە و لە ژوورێکی دیکەی مزگەوتەکە دانیشتووە، کە لە نزیک ژوورەکەی باوکییەوە بوو، ئەو ژوورە لە ڕووی ڕۆژئاوای مزگەوتەکەوەیە، تا ئەمڕۆ ماوە. پاش ئەمان خەلیفە و موریدەکانی شێخی چۆلی لەو ژوورە دانیشتوون. دوای کۆچی دوایی شێخ مستەفا، ئەویش لە تەنیشت باوکیدا هەر لە ژوورەکەی باوکی نێژراوە هەردووکیان لە ژێر قەفەسێکی سەرداپۆشراودان(نانەکەلی، ٢١٥٢،٢٠٠٩). ڕووبەری مزگەوتی شێخی چۆلی نارێکە کە ڕووبەرەکەی(٢٠٠٠)م٢، شوێنی نوژەنکردنی سەرەکی بەگومەتێکی گەورەگیراوە کە بنکەیەکی هەشت لای هەیە لە ناوەوە دەبێتەوە بازنە و لە هەرلایەی هەشت لاکە پەنجەرەی بچوک هەیە بە پێوانەی(٥٥*٤٥)سم و وەبەرزی قوبەکەش لە زەویەوە(١٣)م٢، تیرەی قوبەکە(١٠.٦٠)م٢، کە لەخشت و گەچ دروستکراوە، لەسەرچوار پایە(دینگە)ی قەبارەگەورەی چوارگۆشەیی(١٢٠ *١٢٠)سم، کە بنکە هەشت لای وەستاوە کە پانی هەرلایەیی بەنزیکەی(٥٥)سم، شەش گومەتی تری بچوکتر لەسەر بانەکەی هەیە کە ئەوانیش لە خشتوگەچ دروست کراون و سەرەکەیان ڕاست و تەختە، کە هەرسێ دانە لەو گومبەتانە دەکەونە لای ڕاست و چەپی گومبەتە گەورەکە.

**2.2 قۆناغەکانی نۆژەنکردنەوەی شێخی چۆلی:**

دوای تێپەڕبوونی ساڵانێک بەسەر دروستکردنی شێخی چۆلی و بەر لەوەی شێخ (محەمەد عوسمانی نەقشبەندی) ناسراو بە شێخی چۆلی کۆچی دوایی بکات، خودی خۆی مزگەوتەکەی نۆژەنکردوەتەوە. دواتری شێخی چۆلی چەند جارێک و لە چەند سەردەمێکی جیاوازدا، نۆژەن کراوەتەوە بەنزیکەیی تا ئێستا (٥)جار نۆژەنکراوەتەوە و چەند بەشێکی بۆ زیادکراوە، لەوانە: هەیوانێک کە لە کەرپووچ و گەچ و ئاسن (شەلمان) دروستکراوە و دەکەوێتە پێش ژووری شێخ و کوڕەکەیەوە. پێش دروستکردنی ئەو هەیوانە، دوو هەیوانی بچووکی هەبووە بۆ دوو ژورەکە. باشترین نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی شێخی چۆلی لە ساڵی(١٩٧٤)زدا بوو، ئەویش بە کۆنگرێتکردنی سەربانی گومەتی گەورە و شوێنی نوێژکردن و سەربانی ژووری مەزارگە و ژووری شێخ مستەفا و خانووی شێخ و حەرەم و هەیوانەکانی و ژوورەکانی دیکەی مزگەوتەکە بوو، هەروەها لابردن و فڕێدانی ئەو گڵ و قوڕەی لە سەربان بوون. هەر ئەوکات هۆڵێکی لاکێشەیی بۆ دانیشتنی پرسە لە لای دەرگای دەرەکی مزگەوتەکە و نزیک بیری (ناعور)ی کۆنی مزگەوت

دروستکرا(*)دواتر لەسەر دەستی حاجی جەمالی مەلا تەها حەوزێکی بۆ دەستنوێژ دروستکرد و بیرە کۆنەکەیان داپۆشی چونکە وشکی کردبوو. لە دوای ساڵی (١٩٨٢)دا مزگەوتی شێخی چۆلی دوبارە نۆژەن کراوەتەوە و نۆژەنکردنەوەکە هەموولایەکی مزگەوتەکەی گرتۆتەوە: شوێنی نوێژکردن، حەوشەکەی، خانووی شێخ، چەند ژوورێکی بۆ زیادکراوە، زەوی ناو حەرەم، هەیوانەکان و حەوشەکەی کاشی کراون، هەیوانی پێش مزگەوت، مەزارگەکەش بە پەنجەرە و دەرگای ئەلەمنیۆم پەرژین کران، هەروەها دیوارەکانی دەرەوەی هەیوانەکان و شورای مزگەوت بە بەردی حەلان داپۆشران، دیوارەکانی ناوەوەی مزگەوت و هەیوانەکان و گومبەتەکە بۆیەکران، دەرگایەکی چوونە ژوورەوەی گەورەش بۆ مزگەوت دروستکرا. لە سەربانی دوولای دەرگاکەوە، دوو منارە وەک هێمایەک بۆ شکۆمەندی مزگەوتەکە دروستکران، کە ئەوانیش بە بەردی حەلان داپۆشراون(مەلا عیمادەدین، ٢٧-٩-٢٠٢٢). لە حەوشەکەدا چەند بنەدارێکی توو و دار زەیتووێک هەبوون، دەڵێن شێخ بەدەستی خۆی چاندوونی، بەڵام ئێستا دار تووەکان هەڵکێشراون جگە لە دار زەیتونەکە کە هێشتا ماوە.

لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) مزگەوتی شێخی چۆلی زەرەرمەند بوو، بەجۆرێک هەندێک بەشی مزگەوتەکە تێکچوون و پێوسیتی بە نۆژەنکردنەوە هەبوو، چونکە حکومەت بە هۆی ئەوەی هەندێ خەڵک خۆیان تێیدا حەشار دابوو-کاتێک ڕژێمی بەعس ناوچە ئازادەکان کۆنترۆڵ دەکاتەوە- دەسرێژی گوولەی کردووەتە سەر مزگەوتەکە؛ بۆیە واپێویستکرا نۆژەن بکرێتەوە، ئیتر لە نەوەتەکانی سەدەی بیست نۆژەنکرایەوە. لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٤-٢٠٠٥)زدا بە دوو قۆناغ مزگەوتی شێخی چۆلی نۆژەنکراوەتەوە، دیواری ناو حەرەم بە درێژایی زیاتر لە حەوت مەتر و بە بەرزی سێ مەتر چاککراوە، هەروەها ئەو شوێنانەی بە ئەلیکۆبۆن کرابوون کرانە مادەی مەڕمەڕ. زێتر لەوەش شێخی چۆلی کتێبخانەیەکی تێدایە لە ڕابردوودا کتێبی ئاینیی جۆراوجۆری زۆری تێدابووە و بەکارهاتوون وەک سەرچاوەی زانستی، بەڵام ئێستا ئەگەرچی ئەو کتێبخانەیە ماوە، بەڵام پەراوێزخراوە و کتێبەکانی کەڵکی ئەوەیان نییە بەکاربهێنرێن.



وێنەی (١) کتێبخانەکەی شێخی چۆلی و کتێبخانە نوێکەی ئەو مزگەوتە نیشان دەدات

شایەنی ئاماژەیە مزگەوتی شێخی چۆلی هۆڵێکی تایبەتی تێدا تایبەتکراوە بۆ نانخواردنی هەژاران، لەوەتەی مزگەوتی شێخی چۆلی دروستکراوە، مانگی ڕەمەزانی هەموو ساڵێک لەو هۆڵەدا خواردن دروستکراوە و خوانی ڕۆژوشکاندنی تێدا پێشکەشکراوە، ئەگەر مانگی ڕەمەزان نەبێت هەموو ڕۆژێکی هەفتە نیوەڕوان خواردن بۆ هەژار و کەمدەرامەت دروست دەکرێت، زۆرجاری وایە خەڵکێک مرازیان لەخۆیان گرتووە، واتا داوای وبوڵبوونی نزایەکیان لە خوا کردووە کە ئەگەر ئەو نزایەیان گیرابێت ئەوسا لە مزگەوتی شێخی چۆلی خێرێک ئەنجام دەدەن، ئەو خێرە دەشێ کەلوپەلی خواردن بێت یان ئەنجامدانی قوربانی و بەخشینەوەی گۆشتی ڕەشەوڵاخ یان مانگا بێت، هەروەها جاریوایە لەپێناو گیرابوونی نزا و پاڕانەوەکانیان شەرت لەگەڵ خوای خۆیان دەکەن کە ئەگەر ئەو داواکارییەیان سەربگرێت دەچن لەو خواردنەی مزگەوت دەخۆن. لە مزگەوتی شێخی چۆلی لە هەردوو جەژنی ڕەمەزان و قورباندا خواردنی جەژن پێشکەش دەکرێت.

**3.2 چوون و پابەند بوونی شێخی چۆلی بە تەریقەت:**

ڕێباز و بیرو بۆچون و تەریقەتی جیاواز بونی هەیە، ئەو جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوە و جۆری گەیشتن بە ئامانج و بڕینی ڕێگەی گەیشتن بەو ئامانجەی کە سۆفی سەر بە تەریقەتێکی جیاواز هەیەتی.

---

* لەڕابردوودا کەپرێک لە وێدا هەبوو، خاوەن پەیداویستی تایبەت و غەریبەکانی تێدا دەژیان، بەڵام دوای نەمانیان شوێنەکە دیمەنێکی ناڕێکی هەبووە، کەپرەکە تێکدرا و شوێنەکە کرا بە هۆڵی بۆنە و پرسە.

لەگەڵ ئەوەی ئامانج و بۆچوونی سۆفییەکان یەکن، تەنها لە چەند روویەکی کردەییەوە برێک جیاوازییان هەیە لە یەکتر.ئەو جیاوازییانەی لەنێوان تەریقەتەکاندا هەیە، بۆ چۆنیەتی و شێوەو دەستووری ئەنجامدانی تەسەوف دەگەڕێتەوە و ئەوەش بووەتە هۆی دروستبونی چەند تەریقەتێک لەو بوارەدا. لەڕوانگەی سۆفییەکانەوە تەریقەت واتە باوەڕ و شێوە و چۆنییەتی و گرتنەبەری ڕێگەی بەجێهێنانی خوداپەرستی و گوێڕایەڵی بۆ خودا و جێبەجێکردنی فەرمانی خوا و ئەنجامدانی، بەراستی و دڵسۆزی و ویژدانەوە (شاکەلی، ٢٠١٩،٦٣). تەریوەت لە جوارجیوەی سستمە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستەکردنی ڕێبازێکە لە بواری ئاینییەوە کە لەسەر شێوەی دابەشکارییەکی هەرەمییە بۆ ئەوانەی سەر بە تەریقەتیکی دیاریکراون، ئەو دابەشکارییە هەرەمییەش لەلایەن شیخی تەریقەتەوە دادەنرێت؛ مورید و سۆفییەکانی شیخ ڕێز و گەورەیی و پەیرەوی هزر و ڕۆحیی دەکەن. لە نێو ئیسلامدا ئەو تەریقانە وەک قوتابخانەی هزری لەقەڵەم دەدرێن کە مورید و سۆفییەکانی بەهۆیانەوە پلیکانەکانی ئیمان و خواپەرەستی دەبڕن بەرەوە پێگەی بەرزی ئایینداری(العقلي، ٢٠٠٢، ٥٩٧).شێخ محمد ویستی پابەند بێت بەو تەریقەتە سۆفیگەریانەی ناوچەکە، بۆ ئەمەش ڕووکردە گوندی(بریفکان)ی سەر بە دهۆک، کە ئەوکات پێگەی تەریقەتی قادری بوو لە ناوچەکە، شێخ، هاوشان لەگەڵ برادەرەکەی، ئەبوبکر کوڕی عبدالله هەرشەمی ناسراو بە غەیاسەدین، ویستیان پابەندی تەریقەتی قادریی بن لەسەر دەستی نورەدین بریفکانی(١٢٠٥-١٢٦٨ک)ماوەیەک لە خزمەتی مانەوە، بەڕێزەوە ڕێگای گەڕانەوەی پێدان بێ ئەوەی ئیجازەی ئیرشادییان بداتێ و بێ ئەوەی پابەند بن بە تەریقەتی قادریەوە، پاشان دەچێت بۆ گوندی تەوێڵە، لەگەڵ هاوڕێکەی ئەبوبەکر دەچنە لای شێخ عوسمانی سیراجەدین، کە لە تەوێڵە دادەنیشێت، ماوەیەک لەوێ مانەوە تێکەڵ بە موریدەکان بوون، شێخیش ئیرشاد و ڕێنمایی پێدان و پەروەردەی کردن، جا شێخ عوسمان ئیزنی ڕێپێدان و ئیرشاد و خەیلافەتی بۆ دان، دواتر دوو مورشیدی ڕێگەپێدراوەکەی تەریقەتی نەقشبەندی گەڕانەوە بۆ شاری هەولێر(ئیسماعیل، زوبێر، ).


**2. 4 گرنگی شێخی مزگەوتی چۆلی لای خەڵکی شاری هەولێر:**

کاتێک باسی شوێنەکانی پەرستن دەکرێت لە ئیسلامدا، ئەوا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ تۆپۆنێمی وشەکە، بەوپێیەی شیکردنەوەیەک لەبارەیەوە بەدەستەوە بدات، بەجۆرێک شوێنەکانی پەرستن سیفەتی جیاواز و ئەرکی جیاوازیان هەیە، بەشێوەیەک ئەرک و بونیاد و پەیوەندی نێوان ئەو شوێنانە هۆکاری گرنگن بۆ لێکجیاکردنەوەیان. کاتێک شوێنێک بە ماڵی خوا دادەنرێت، ئەوا پیرۆزی و خۆبەدورگرتن لە خراپە دەبێتە سیفەت و ئەو شوێنەی پێ دەناسرێتەوە، هەروەها کاتێک شوێنێک دەبێتە زاویە -زاویەی تەریقەت موڵکیەتی تایبەتە و سستمێکی هاوشێوەی سستمی پاشایەتییە واتە بە میرات دەمێنێتەوە، بەجۆرێک شێخ سەرپەرشتیار و بەرپرسیارە لێی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، زاویە موریدی هەیە و خزمەتی دەکەن. لەحاڵەتێک کە شێخ کۆچی دوایی دەکات خەلیفەی شێخ لەڕێگەی ئەوە وەسیەتنامەیەوە دادەنرێت کە شێخ دەستنیشانیکردووە، یانیش خەلیفەی شێخ لەڕێگەی بنەماڵەی شێخەوە دەستنیشان دەکرێت، ئەویش بەپێی مەرجی تایبەت بەخۆیان، تاکو ببێتە جێگرەوە شێخی کۆچکردوو- و زکری تێدا دەکرێت ئەوا پیرۆزیەکەی یەکساندەبێت بە پیرۆزی وەلی و شێخی تەریقەتەکە، بەوپێیەی شێخ خەلیفەیەکە و پەیامی خوا و پێغەمبەر دەپارێزێت(السعدني، ٢٠١٩، ٣). مزگەوتی شێخی چۆلی تاکو ئێستا پیرۆزە بۆ خەڵکی شاری هەولێر، بەبڕوای خەڵکی هەولێر هێمایەکە بۆ هاتنە دی هەموو حەز و ئارەزوویەک. شوێنێکە بۆ مراز حاسڵبوون و گیرابوونی نزا. بیرکردنەوەی خەڵکی سەبارەت بە پێگە و پیرۆزی مزگەوتی شێخی چۆلی گۆڕانێکی کەمی بەسەرداهاتووە، تاکو ئێستا وا باسی ئەم مزگەوتە دەکرێت وەک ئەوەی شێخ خۆی لە ژیاندا مابێت. تێبینیدەکرێت مزگەوتی شێخی چۆلی لای خەڵکی شاری هەولێر پیرۆزە و شوێنی گیرابوونی نزایە، هەربۆیە هەندێکیان پێیان وایە دەبێ ڕۆژانە سەردانی شێخی چۆلی بکەن، دەبێ پێنج سەد سڵاوات و ئەستەخفیرالله لێدەن و سورەتی یاسین بخوێنن و فاتیحایەک بخوێنن بۆ ڕوحی شێخی چۆلی، دوایی بچنە سەرکار، ئەگەر نزاکاران وانەکەن، ئەوا شێخ وازیان لێناهێنێ و دێتە خەویان. هەرکات زیارەتکاران مرازێکیان هەبێت دێنە لای شێخی چۆلی و نزا دەکەن، ئینجا ئەگەر شێخ بێتە خەویان، ئەوا دەستبەجێ مرازیان حاسڵ دەبێت، زیارەتکاران بڕوایان وایە ئەگەر خانویان نەبێ، ئەوا نزا دەکەن لای شێخ و، ئەگەر منداڵیان نەبێ منداڵیان دەبێت یا نەخۆش بێ چا دەبنەوە. بەبڕوای زۆری ئەوانەی سەردانی مزگەوتی شێخی چۆلی دەکەن و دوای مەولودەکان، کە لەوێ بەڕێوە دەچێت، شیرینی مەولودیی دەخۆن، ئەوا هەرکەسێک ئەو شیرنییە بخوات مرازی دڵی گیرا دەبێت.

**3- شێخی چۆلی وەکو مزگەوت**

مزگەوت ناوەندی گەڕانەوەیە بۆ لای خودا، ئاراستەکاری ئایین و هزر و جۆشدانی لایەنی ڕۆحییە، ناوەندێکە بۆ بڵاوکردنەوەی نەریت و ئەخلاقی باش و پەروەردە یەکی کۆمەڵایەتی، ناوەندێکە بۆ ئاشتەوایی و برایەتی و پێکەوەژیان.

مزگەوتەکان بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵی کاریگەریان لە کۆمەڵگادا هەبووە،ماڵێک بووە بۆ کۆبوونەوەی موسوڵمانان بۆ عیبادەت و ڕێکخستنەوەی کاروباری ڕۆژانەیان و تێگەیشتن لە دنیای واقیعییان. لە مزگەوتدا موسوڵمان هەوڵدەدات لەڕووی پەروەردەی ڕۆحییەوە خۆی ئامادەبکات، لەهەمانکاتدا مزگەوت ڕۆڵی دامەزراوەی پەروەردەییشی گێڕاوە، ئەگەرچی ئیستا ئەو ڕۆڵەی کەمبووەتەوە(المسلمي، ٢٠١٠،٢٥). مزگەوت پانتاییەک و شوێنێکی خزمەتگوزارییە کە باسوخواس لەسەر بابەتە ئایینی و نائایینییەکانی تێدا دەکرێت(محمد،٢٠١٣، ٤). هەروەها گۆستاڤ لیبۆن سەبارەت بە مزگەوت دەڵێت: مزگەوت ژیانی ڕاستەقینەی موسوڵمان پێکدێنێت، بەجۆرێک مزگەوت وەک پانتاییەک بۆ کۆبوونەوە، بۆ پەرستن، فێربوون، شوێنی مانەوە، پەناگەی بێ جێگەکان، قوتابخانەیە هەندێکجار، نەخۆشخانە و شوێنی چاکبونەوەی نەخۆش بەکاردێنن، ئا لێرەوەیە کە ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی ئاینییان بە تێکەڵاوی دەردەکەوێت(لوبون، ١٩٦٥، ٤٢٥). سەرەتا شێخی چۆلی تەنها بەمەبەستی مزگەوت دروستکراوە و ناوەندێکی پەرستنی خوا و کۆبوونەوەی خەڵکی هەولێر بووە، دواتر بەوپێیەی شێخ محەمەد پیاوێکی خێرکار و مەلایەکی باش بووە، کاتێک کۆچی دوایی دەکات و لە نێو مزگەوتەکە دەنێژرێت، ئیتر لەبەر پێگە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکەی شێخی چۆلی دەبێت بە مەزار و خەڵکی سەردانی دەکەن، ئەگەرچی سەردانکردنی مەزاری شێخ و مشایەخ لە شاری هەولێر کەمی کردووە، بەڵام هەر ماوە تاکو ئێستا. مزگەوتی شێخی چۆلی سەرەتا نوێژ و وتاری هەینی تێدا نەخوێنراوە و بەڕێوە نەچووە، بەڵام دواتر وردە وردە وتار و نوێژی هەینی تێدا بەڕێوە دەچێت، ئێستاش هەر بەوشێوازە ئیمام و نوێژخوێنی خۆی هەیە. هەروەها مزگەوتی شێخی چۆلی گۆڕستانێکیشی تێدایە کە خەڵکی پێنجشەمان یان سەرووبەندی جەژنەکان سەردانی کەسوکاریان دەکەن. زێتر لەوەش، شێخی چۆلی خانەقاشە، لەبەر ئەوەی شێخ بۆخۆی ئیجازەی تەریقەتی نەقشبەندی هەبووە بۆیە زکری ئەو تەریقەتە لەوێدا کراوە و ئێستاش بەردەوامە. واتە خەتمەی... تێدا ئەنجام دەدرێت.



**وێنەی (٣) مزگەوتی شێخی چۆلی نیشان دەدات**

**مزگەوتی شێخی چۆلی لە چەند بەشێک پێکهاتووە، وەک لای خوارەوە دەردەکەوێت:**

1-شوێنی وتاردانی ڕۆژانی هەینی، دوو هەیوانی گەورە لەگەڵ حەرەم بۆ نوێژکردن. و مەزار شێخی چۆلی.

2– شوێنی چێشتلێنان و دوو ژووری کۆگا، بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و پێداویستی چێشتلێنان. لەگەڵ دوو ژووری بەفرگر.

3- کتێبخانەی مزگەوت؛ مزگەوتی شێخی چۆلی دوو کتێبخانەی تیدایە، یەکیان کە تاکو ئێستا چەند کتێبێکی دەستنووسی شێخی چۆلی تێدا هەڵگیراون دەکەوێتە تەنیشت مەزاری شێخ، کتێبخانەکەی دیکە تایبەتە بە ماموستای ئایینی مزگەوتەکە.

4- هۆڵی دانیشتنی پرسە؛ لەم مزگەوتەدا سێ هۆڵ بۆ پرسە هەن، بەڵام ئێستا دوو هۆڵیان بەکار دەهێنرێن. هەروەها دوو ژووری چا لێنان و دوو ژووری بانگدەر.

5- شوێنێک بۆ پاسەوانی مزگەوتەکە تەرخانکراوە و دەکەوێتە نێو مزگەتەکەوە، ژووری متولی

6- ژووری مامۆستای ئاینی، دوو ژووریش لە نهۆمی سەرەوەیەتی، هۆڵێکی گەورە بۆ نان خواردنی هەژاران.

**3. 1 بەشەکانی مزگەوتی شێخی چۆلی و ئەو چالاکییانەی لەنێو مزگەوتی شێخی چۆلیدا ئەنجام دەدرێن:**

**١-پێشکەشکردنی خواردن:**

لەم مزگەوتەدا دەتوانین بڵێین (١٢٠)ساڵ زیاترە خواردن دروست دەکرێت، بۆ هەژار و ڕێبوار کە شوێنی حەوانەوەیان نییە؛ یاخود لەشوێنی دورەوە هاتوون بۆ مانەوەیەکی کەم لەوێ دەمانەوە، هەموو ڕۆژێک لەم مزگەوتە خواردن دروست دەکرێت جگە لە ڕۆژانی هەینی؛ ئەویش لەبەر نوێژی هەینی ناکرێت. خواردنەکان بەسەر هەژاراندا دابەش دەکرێن، ئەوانەی لە مزگەوتە دەیخۆن و ئەوانەشی خۆیان دێن قاپ و مەنجەڵ دێنن بۆئەوەی خواردنەکە وەربگرن و لەماڵەوە بیخۆن، هەندێک جاریش خواردنەکان دەبرێن بۆ گەڕەکە هەژارەکانی وەک سێتاقان، باداوە، تەیراوە. لە مانگی ڕەمەزاندا هەموو ڕۆژێک بە هەینیشەوە خواردنی بەربانگ دروست دەکرێت. خشتەی هەفتانەی دروستکردنی خواردنەکانی مزگەوتی شێخی چۆلی بریتین لە (دوو ڕۆژ تەشریب و ڕۆژێکیش نیسک ئامادە دەکرێت، ئەوەش بۆ ئەوەیە تاوەکو ئەو کرێکارانەی خواردن دروست دەکەن هەندێک ماندوبوونیان کەم بێتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژانی هەینی بۆ ئەوان پشووە. هەروەها ڕۆژەکانی دیکەش برنج و گۆشت و شلەیە، نۆکاو، بریانی، کاتێ ئاژەڵەکانیش سەردەبڕن جەرگەکەیان کۆدەکەنەوە ڕۆژێک بە ساوەر لێی دەنێن). شێوازی دابەشکردنی خواردنەکە بە دوو جۆرە: جۆری یەکەم ئەو کەسانە دێن کە هەژارن و دەفر و مەنجەڵ دەهێنن تاوەکو خواردنیان پێ بدرێت و بۆ ماڵ و منداڵەکانیانی ببەنەوە، ئەمانە لە ڕیزێکدا بە جیاواز ڕیز دەبن. جۆری دووەم، ئەوانەن کە هەر لە مزگەوتدا نانەکەیان دەخۆن، بۆ ئەم مەبەستە هیچ لەگەڵ خۆیان ناهێنن و ڕیز دەبەستن، کە نۆرەیان دێت لە قاپی سەفەری خواردنیان پێ دەدرێت، دواتر لە لایەکی دیکەوە چایان پێشکەش دەکرێت، لە پاڵ ئەمانیش هەندێکی تریان خواردن دەبەنەوە، بەڵام هەژار نین تەنها بۆ تفەڕک و چابوونەوە لە نەخۆشی و مراز حاسڵ بوون دەیبەنەوە.

ئەو خواردنانەی دەمێنێتەوە بۆ ئەو کەسانە هەڵدەگیرێن کە لەکاتی خواردنەکە نەیانتوانیوە ئامادە بن و درەنگتر هاتوون؛ هەروەها یەکەم ڕۆژی جەژنەکان (قوربان و ڕەمەزان) لە مزگەوتی شێخی چۆلی خواردنێکی زۆر ئامادە دەکرێت و زۆربەی جەژنەکان دۆڵمە، بریانی یان برنج و دوو جۆری شلە(قەیسی و فاصولیا) ئامادەدەکرێت. خواردنی جەژنەکان لە دوای نوێژی بەیانی دەست دەکرێت بە دابەشکردنی خواردن؛ بەڵام لەلایەکی تریشەوە لە حەوشەی مزگەوتەکە مێزێکی زۆر دادەنرێت بۆ ئەوەی خواردنی لەسەر دابنرێت بۆ ئەوانەی بۆ نوێژ هاتوون، دوای نوێژی جەژن و پیرۆزبایی جەژنە پیرۆزە دەست دەکەن بەخواردنی چێشتی جەژن. زێتر لەوەش، شێخی چۆلی ناوەندێکە بۆ بەخشین، بەجۆرێک جگە لەوەی لە ناو مزگەوتەکە خواردن دروست دەکرێت و بەسەر هەژاراندا دەبەخشرێتەوە، ئەوا لەدەرەوەی مزگەوتیش لە دوای نوێژی شێوان، کارمەندەکانی مزگەوتەکە دەچنە گەڕەکە هەژارەکان و گۆشتی خاویان بەسەردا دابەشدەکەن. بۆ ئامادەکردنی خواردن پێنج ئافرەت خواردنەکە ئامادە دەکەن، دوو کارمەندیش سەرپەرشتی خواردنەکە دەکەن بۆ ئامادەکردن، ڕێک خستنی و خشتەی خواردنەکە دووکەس دیاری کراوە جگە لە مەلای مزگەوتەکە کە سەرپەرشتی گشتی مزگەوتەکە دەکات، لەلایەکی ترەوە هەندێ کەس لەفە دەهێنن و لە مزگەوتەکە دابەش دەکرێت، یاخود قوماش فرۆشەکان قوماشێکی زۆر دەهێنن و لە مزگەوت پارچە دەکرێن و بەسەر هەژاراندا دابەش دەکرێن.



وێنەی (٤) شێوازی ئامادەکردنی خواردن



وێنەی(٥)شێوازی دابەشکردنی خواردن بەسەر هەژاران ڕووندەکاتەوە

کاتی خۆی لەم مزگەوتەدا خواردن پێشکەش دەکرا بە هەژاران و شەوانیش دەمانەوە، وەک کاروان سەرا وابووە، خەڵک تێیدا پشوی دەدا و لەڕێگەی سەرپەرشتیارانی مزگەوتەکەوە پێوسیتییەکانیان دابین دەکرا(سەرابی، ٢١٥٥، ٢٠٠٩).

ئەو داهاتەی ئەم مزگەوتەی پێ دەچێتە ڕێوە، خەڵکی دەوڵەمەندی خێرخواز، خەڵکانێک پارە دەهێنن بۆ مەولود یاخود سەدەقە، پارچە زەویەک هەیە لە تەنیشت مزگەوتە کراوە بە گەراج بە مساتەحە، داهاتەکەی بۆ مزگەوتە، شێخ موڵکی لەم لادێیانە هەیە وەکو ئەقداشی، کۆزەبانکە و گاینج کە دەکرێت بە کشتوکاڵ، بەڵام ماوەیەکە داهاتەکەی ناگەڕێننەوە.

**٢-مەولود خوێندنەوە(*)**

مەولود یەکێکە لە مەراسیمە چالاکی ئاینی و کۆمەڵایەتیانەی کە ئەنجام دەدرێت لای موسوڵمانەکان، ئەم مەراسیمە بەگشتی موسوڵمانەکان گرنگی پێدەدەن و هەوڵدەدەن یادی بکەنەوە، جا لێرەدا تەنها پیاوان بەشداری دەکەن،

مەولود گێڕان لە سەردەمی سوڵتان مزەفەر هاتووەتە ئاراوە، لەم ڕۆژەدا خێر و خێرات و مەولود خوێندنەوە و شیعر خوێندن بەسەر پێغەمبەر(د.خ) ئەنجامدەدرا. لەو سەردەمەدا سوڵتان پارەیەکی زۆری بۆ هەژارانی شارەکە تەرخاندەکرد(تولەیمات، 56:2019)، لە شێخی چۆلی هەموو ڕۆژانی دووشەمە و پێنج شەمە مەولود دەگێڕدرێت، ئەویش بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز و باسکردنی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)ی لەسەر بێت، هەروەها خوێندنەوەی چەند قەسیدەیەک کە تیایدا باس لە پێغەمبەر دەکرێت، لەهەمانکاتدا وتنەوەی سرود و قەسیدەی خەماوی بۆ ئەوەی هەستی خەڵکی بوروژێنن زۆر کاریگەر بن و هەندێ جار دەست دەکەن بەگریان، یاخود حاڵدەگرن(*) یاخود هەندێ جار هەندێکیان هەڵدەستنەوە و بەشێوەی بازنەیی بە پێوە زکر دەکەن؛ چونکە لەکاتی مەولودەکە خۆییان پێناگیرێت، لە مەولودیش تەنها پیاوان بۆییان هەیە بەشداری بکەن و بەهیچ شیوەیەک ئافرەت بۆی نییە بەشدار بێت(لە مزگەوت)، لە دوای نوێژ ی عەسر ئەم مەولودە دەگێڕدرێت، کە ژمارەیەکی زۆر بەشداری مەولودەکە دەبن، بەشداربووان پیاو لە گەورە و بچووک ئامادەی دەبن؛ سەڵەواتێکی زۆر لێدەدرێت، دواتریش هەندێک شیرینی دابەش دەکرێت. جگە لەوەی ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممەی هەفتە مەولود دەخوێنرێت ئەوا ساڵانە لە ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەردا(د.خ) وەک ئەوەی تێبینیدەکرێت لە شاری هەولێر بە گشتی مەولود لە مزگەوتی شێخی چۆلی ئەنجام دەدرێت و نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە خواردنێکی زۆر ئامادە دەکرێت و دەبەخشرێتەوە. سەرچاوەی داهاتی ئەم مزگەوتە لە بەخشینە مادییەکانی خێرخوازانی شاری هەولێر پێکهاتووە(*).

**٣-خەتمی نەقشبەندی:**

ئەم خەتمەیە لەلایەن شێخ عوسمانی تەوێڵەیی داناوە کە مامۆستای شێخی چۆلی بووە، ئەم خەتمەیە بۆ پیاوانە بەڵام ژنان دەتوانن ڕێگاکە وەربگرن و لە ماڵەوە ئەنجامی بدەن، ئەم ڕێگایە زۆربەی بەزمانی عەرەبی دەوترێتەوە، دەبێ بەبێ دەنگی ئەنجام بدرێت و هەوڵبدات چاوی قەپات بێت یاخود چاوەکانی لە خوار بێت، بەڵام ئەو کەسەی کە بەڕێوەی دەبات دەبێ بڵێ ئێستا ئەوەندە سەڵاوات بڵێن، کە پەردەش دادەنێن، بۆ ئەوەیە کە بە بێدەنگی خەتمەکەیان ئەنجامی بدەن، لەلایەکی تریشەوە ئەم پەردە دانانە بۆ بەرەکەتە، هەروەها نەوەکو منداڵێک بێتە ژوورەوە دەنگەدەنگ بکات پێیان ناخۆشە، سودێکی دیکەی پەردەکە بۆ تاریکبوونی شوێنەکەیە تاکو کەسەکان بیریان نەڕوات و تەماشای یەکتر نەکەن. لە ڕابردودا خەڵکی زۆر ئامادە دەبوون و بەردیان دادەنا و زیکرەکان زۆر بوو، بەڵام ئێستا لەبەرئەوەی خەڵکی زیاتر سەرقاڵن و خەریکی ئیش و کارن بۆیە ماوەی زیکرەکان کەم کراونەتەوە. لە ڕابردوودا هەموو ڕۆژێک خەتمە دەکرا(*)، ئێستا لە مزگەوتی شێخی چۆلی ڕۆژانی دوو شەممە و پێنج شەممەی هەموو هەفتەیەک خەتمەکردنی نەقشی ئەنجام دەدرێت*- ئەم خەتمەیە بۆ تەریقەتی نەقشبەندی دەگەڕێتەوە واتە چەسپاندی

---

*لە شێخی چۆلی لە هەفتەیەکدا دووجار مەولود دەخوێندرێتەوە، چونکە هەموو پێداویستیەکانی مەولود دابین دەکرێت وەک: پێدانی پارە بۆ ئەوکەسەی مەولوود دەخوێنێتەوە، هەروەها ئامادەکردنی بڕێکی باش لە شیرنی و بەخشینەوەی بەسەر خەڵکیدا.

*لە کاتی باس کردنی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)لەسەر بێت، هەندێ کەس بە فکر ، هۆش و دڵ تێکەڵ بە بابەتەکە دەبن، هەروەها ئەو خۆشەویستیە لە بنە نەهاتوەی کە هەیانە بۆ پێغەمبەر و ئیسلام حاڵەتیکیان بەسەر دێت لەدەرەوەی ویستی خۆیانە جوڵە و هاوار کردن و قسەکردنێکی زۆر کە دەربارەی سەڵاوات و دەربڕینی خۆشەویستییە بۆ پغەمبەر(د.خ).

*بەپێ بۆچونی کارمەندانی شێخی چۆلی هەرچەندە خواردن زۆر دەکات ئەوەندەی تر کەرەستەکان زیاتر دەبێت، هیچ کات کەم و کورتییان لە خواردن دروست کردندا نەبووە.

*لە هەنێک مزگەوت و تەکییەدا ڕۆژی پێنج جاردا دەخوێندرێتەوە، واتا لەدوای هەموو نوێژەکان ئەنجام دەدرێت.

*لەگەڵ ئەوەی خەتمەی نەقش لە مزگەوتی شێخی چۆلی دەکرێت، بەڵام لەم مزگەوتەدا زکری تەریقەتی نەقشبەندی ئەنجام نادرێت وەک چۆن لە خانەقای تەریقەتی نەقشبەندیدا ئەنجام دەدرێت.

نەقش یان واتە کێشان و چەسپاندنی وێنەی تەواوی خودا لە دڵی موریددا-ئێستا مەرج نییە مورید و سۆفییەکان ئەم خەتمەیە بکەن، دەشێ کەسی ئاساییش بەشداری ئەم خەتمەیە بکات-. ئەم خەتمەیە ئێستا لەلای چەپی مزگەوت دەکرێت وەک چۆن لە ڕابردوودا دەکرا، ئەم خەتمەیە سەرپەرشتیارێکی هەیە کە ئێستا حاجی فەهمی سەرپەرشتیارە.

**-ئادابی خەتمکردن:**

١-پاک و خاوێنی ئەو کەسەی لە خەتمدا بەشدار دەبێت دەبێ دەستنوێژی هەبێت.

٢-شوێنەکە چۆڵ بێت و خەڵکانی تری لێنەبێت.

٣-ملکەچی و ئامادەیی بەجۆرێک خواپەرستی وەک ئەوەی دەیبینێ، ئەگەر تۆش نەیبینی، ئەوا بەدڵنیاییەوە و بێگومان ئەو تۆ دەبینێ.

٤-بەشداربووان لە لایەن شێخەکانی ئەو تەریقەیەوە ڕێپێدراوبن.

٥- دەبێ دەرگای شوێنەکە دابخرێت، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسودەی خەتمەکە ئەنجام بدەن.

٦-هەوڵبدەن بە ڕوح و فکرییان هۆشیان لای خەتمەکە بێت.

٧-ئەوکەسەی سەرپەرشتی خەتمە دەکات دەبێت بالق بوو بێت، واتا چاکە و خراپەی خۆی لێک جیابکاتەوە، هەروەها ڕێپێدراوبێت لەلایەن کەسێکی ناوداری شێخەکانی ڕێگەی نەقشبەندی. یاخود لە ڕێگەی خەونەوە ڕێگای پێبدرێت، دواتر ئەزموونی هەبێت دەربارەی خەتمە تاکو هەڵە ناکات لە کاتی ئەنجامدانی.

٨-ئەوکەسە دەبێ ڕاستگۆ بێت، حەرام نەخوات و کەسێکی دیار بێت لە هەڵس و کەوتی باش، خەڵکی بەباشە باسی بکەن.

٩-شێوازی دانیشتن دەبێ بە شێوەی (تەوەرووک)(*)ی پێچەوانەی تەوەرووکی نوێژ بێت(ئیسماعیل، 2017:176).

**-شێوازی بەڕێوەچوونی خەتمە:**

لەسەرەتادا داوای لێخۆشبوون دەکرێت لە خوای گەورە، دواتر سەرپەرشتیاری خەتمە دەڵێت (الفاتیحة)، جا هەریەکە بە نهێنی جارێک لای خۆی دەیخوێنێت، دەبێت موریدەکان خەیاڵی شێخەکەیان بکەنەوە و لە شێخەکەیان داوابکەن، ئەگەر ئەویش ئامادە نەبێت، چونکە ئەو ڕێگاکەیە بۆ گەیشتن بە مراز و خواستیان، سەرپەرشتیار دەڵێت: بیر لە مردن و گۆڕبکەنەوە، بۆ ئەوەی زیاتر بیر لەچاکە بکەنەوە و دوورکەونەوە لە خراپە، چونکە هیچ شتێک فریایان ناکەوێت تەنها چاکە نەبێت.  لەڕابردودا سەرپەرشتیار سەڵاواتی لێدەدا ئەوانیش ئەو سەڵاواتەیان دەگوتەوە، سەرپەرشتیار (١٠٠)(**)بەردی بەیەکسانی بەسەر ئامادەبوواندا دابەش دەکرد، ئەگەر ژمارەی ئامادەبووان بیست بونایە، ئەوا هەریەکەیان پێنج بەردی بەردەکەوت، دواتر سەرپەرشتیار پێنج جار دەیگوت(لاحول ولا قوة الا بالله)، ئینجا ئامادەبووان بەژمارەی بەردەکانی لای خۆیان دەیانگوتەوە، بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی بەردەکانیان پێنج بوایە ئەوا، بیست و پێنج جار دەگوتەوە. ئێستا خەتمە هەمان شێوەیە، بەڵام مەرج نییە بەردیان هەبێت، چونکە دواتر تەسبیح شوێنی بەردی گرتۆتەوە، ئیتر هەموویان دەڵێن(صلی الله علی النبي و اله) بەو ژمارەی کە سەرپەرشتیار بۆیانی دیاری کردوون، دواتر سەرپەرشتیار دەست دەکات بە نزاکردن، لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە کە خێری خەتمە بگات بە هەموو پێغەمبەران و، شێخ حاجی کەک ئەحمەد ناسراو بە نورەدین، ڕوحی شێخ محمد عوسمان نەقشبەندی ناسراو بە سەنائەدین و بۆ ڕووحی خانەوادەیان و خەڵکی و موریدەکانیان، پاشان دە ئایەت لە قورئانی پیرۆز لە لایەن یەکێک لە ئامادەبوانەوە دەخوێندرێتەوە، ماوەیەک بێدەنگ دەبن.

لەکاتی ئەنجامدانی خەتمەی نەقشی پەردەیەک هەڵدەواسرێت لە جیاتی داخستنی دەرگای حەرەم، هەرچەندە ئێستا ئەوانەی ئەو خەتمەیە دەکەن دانانی ئەو پەردەیە بە گرنگ نازانن، ئەمەش لەبەر ئەوەی مزگەوتەکە گەورەیە و بەردەوام خەڵکی هاتووچۆ دەکەن و دەچنە سەر مەزاری شێخی چۆلی، کە هەر لەناو مزگەوتەکەیە، ئینجا بۆ ئەوەی بە بێ پچڕان خەتمەکە تەواو ببێت بۆیە پەردە دادەنێن. بەبڕوای بەشداربوانی خەتمە، سودەکانی خەتمە زۆرن لەوانە: هەرکەسێک دوای ئەوەی خەتمەی کرد هەر پێویستیی

*دانیشتنی تەوەرووک: پێی ڕاستە دەچەقێنی و پێی چەپیش لە ژێر پێی ڕاستە دەهێنێتەوە بۆ دەرەوە و ڕای دەکێشێتەوە، لاسمتی چەپی بە زەمینەوە دەنوسێت، ئینجا ئەم جۆرە دانیشتنە سوننەتە لە ناو نوێژدا لە کاتی خوێندنی ئەتەحیات، بەڵام مشایخەکان(کۆی شێخەکان)، پێیان باشە لە کاتی خەتمەدا مورید بەمجۆرە دابنیشێت: پێی چەپی بچەقێنێ و پێی ڕاستەی لە ژێر پێی چەپی بباتە دەر و ڕایخا و لاسمتی ڕاستی بە زەمینەوە بنوسێ، بەمجۆرە زیاتر ئاگاداری خۆی دەبێت لە کەوتنە خوارەوە، چونکە خەتمکردن ماوەیەکی دەوێت وەکو نوێژ نییە، هەرچەندە ئێستاکە وەکو پێشتر نییە، کە بەرد دابەش بکەن و درێژەی پێبدەن، چونکە خەڵکی زیاتر سەرقاڵی ئیش و کارە و کەمتر ئامادە دەبن لە خەتمەکاندا.

**بۆ ژماردنی زیکرەکان بەرد بەکار دەهێنرا، دەشێ هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئەوکات تەسبیحیان نەبووە، بەڵام ئێستا لەبری بەرد دانەکانی تەسبیح بەکاردەهێنرێت بۆ ژماردنی زیکرەکان.

و مرازێکی لەدڵدا بێت، دەستبەجی و بەبێ بەربەست نزا و پاڕانەوەکانی گیرا دەبن و مرازەکانی دێنە دی و هەرچی بەڵایە لەسەری لادەچێت و پلەکانی بەرزدەبێتەوە و، نهێنییەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت و پەردەی غەیبی وردە وردە لەپێش لادەچێت. لە ڕابردوودا سیلسیلەیان دەخوێندەوە-سەڵاوەت و نزاکردن بەدوای یەکدا- دواتر یەکێک لە زیکرکاران سورەتی ئیخلاس-یەکێکە لە سورەتەکانی قورئان- دەخوێندەوە، سەد سەڵاوەت لەسەر پێغەمبەر (د.خ) دەدات و، سەدجار لاحەولە وەلا قوەتە ئیلا بیلا دەخوێنێت، زیکرکاران ئەم خوێندنانە پێنج سەدجار دەخوێنن، دواتر یەکێک ئایەتێکی قورئانی دەخوێنێت، ئینجا هەموویان سورەتی فاتیحە دەخوێنن، لە کۆتاییدا دەست دەکەن بە نزاکردن بۆ خۆیان و دەوروبەریان. لە ڕابردوودا لە کیسەیەکدا سەد بەردییان ئامادە دەکرد بۆ خەتمی نەقشی، بۆ نموونە ئەگەر بیست کەس بوونایە هەریەکەیان پێنج بەردییان بەردەکەوت، بۆ هەر زیکرێک دەبێ بیست و پێنج جار بە بێ دەنگی بیڵێنەوە لەگەڵ سەرنجدانی ماناکەی لە دڵ و دەروونیاندا. دوای ئەنجامدانی نوێژی عەسر و خەتمەکردن، سەرپەرشتیار بەردەکانی کۆدەکردەوە و کۆتایی بەخەتمەکە دێنێت، ئینجا زیکرکاران دەست دەکەن بە نزاکردن، دواتر دە ئایەتی قورئانیی دەخوێننەوە، پاشان شێخی ڕێگەپێدراو سێ سەڵاوات لێدەدا، ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ڕێگە دان بە ڕۆیشتنی بەشدار بووانی خەتمەکە و کۆتاییپێهێنانی.

**-وتاری ڕۆژی هەینی:**

مزگەوتی شێخی چۆلی هەروەکو مزگەوتەکانی دیکە وتاری ڕۆژی هەینی تیادا ئەنجام دەدرێت، یەکێکە لەو مزگەوتانەی کەتاکو ئێستاکە بە قەرەباڵغی ماوەتەوە لە ڕۆژانی هەینی، تەنانەت لە ڕۆژانی ئاساییدا یەکێکە لە مزگەوتە قەرەباڵغەکان کە خەڵکێکی زۆر ئامادە دەبن لە هەر پێنج فەرزەکەی نوێژکردندا. بە هەمان شێوە لە ڕۆژانی جەژندا دوای نوێژی جەژن ئەوا وتاری جەژن



**وێنەی (٥) ناو حەوشی مزگەوتی شێخی چۆلی لە وتاری هەینی ڕووندەکاتەوە**

دەخوێندرێتەوە، دواتر پیرۆزبایی جەژن لە یەکتری دەکەن و گەردن ئازایی دەکەن ئیتر خواردنی جەژن هەر لە مزگەوتەکە دەخۆن و بەرەو ماڵەوە دەگەڕێنەوە.

**4_ شێخی چۆلی وەکو مەزار**

هەر لە دێر زەمانەوە تاکو ئێستاکە مەزارەکان پیرۆزی خۆیان لە دەست نەداوە لە نێو خەڵکیدا، جا بۆ پیرۆزی و پێگەو پایەی مەزارەکە بێت یاخود بیروباوەڕی خەڵکی بێت بەرامبەر گەورەیی و خۆشەویستییان بۆی، لە هەمان کاتدا بۆ چابوونەوە لە نەخۆشی و مراز حاسڵ بوون سەردانی دەکەن و ڕێزو خۆشەویستییان بۆی هەیە. لە زووری مەزاردا شێخ و کوڕەکەی، رشید ئاغا، سێ موریدی و خێزانی شێخ نێژراون. ئەم مەزارە پێکهاتوە لە ژوورێک هەر دەکەوێتە ناو حەرەمی مزگەوتەکەوە، گۆڕی شێخی چۆلی تیادایە و ئامادەسازی بۆ کراوە وەکو بەرزکراوە بەشێوەی چوارگۆشە، بە قوماشی ڕەنگ سەوز داپۆشراوە(*) ڕەنگی سەوز یەکێکە لە سیماکانی ئیمانداری و ڕەنگێکی بەهەشتی و سەوزایی و ژیانەوە و پاکی و بۆنخۆشی دەردەخات. لەدوای مردنی کوڕی شێخی چۆلی لە تەنیشت خۆیەوە نێژراوە واتا کراوەتە نێو قەفەسەکەوە. هەر لەدوای کۆچکردنی شێخی چۆلییەوە ئیتر خەڵکی سەردانیان کردوە، بەوپێیەی شێخی چۆلی پیرۆزە بۆیە سەردانی دەکەن، لەهەمان کاتدا بۆ چابوونەوە لە نەخۆشی، بۆ مراز حاسڵ بوون(جا مرازەکە

(*) هەموو مەرقەدەکان بە قوماشی ڕەنگ سەوز داپۆشراون، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەیان لە گۆڕەکانی تر کە لە پاڵیا نێژراون.

هەرچییەک بێت وەکو داواکردنی منداڵ پێبەخشین بەتایبەت منداڵی کوڕ، لە کاتی بوونی نەخۆش، تەواوکردنی خوێندنی کەسێکی ئەندامانی خێزان، ئازاد بوونی کەسێکی ئازیز لە بەندیخانە، کڕینی خانوو و ....).





**وێنەی (٧) مەزاری شێخی چۆلی نیشان دەدات  وێنەی (٨) کێلی مەزاری شێخی چۆلی ڕووندەکاتەوە**

ئاشکرایە دیاردەی زیارەتکردنی مەزارەکان و بەپیرۆزتەماشاکردنی گۆڕەکانیان، ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، بەجۆرێک مرۆڤی سەرەتایی بڕوای وابووە کە هێزێکی سەرو سروشتی بوونی هەیە و ئەو هێزە توانایەکی سنووربەدەری هەیە، بەدەر لە توانای بوونەوەرەکانی دیکەی دەوروبەری. بەمشێوەیە قوربانی و دیاری پێشکەشدەکرد بۆ ئەوەی بەڵا و خراپەکاری لەخۆی دوربخاتەوە و بەختێکی باشی هەبێت. لێرەدا مەزار بریتییە لە گۆڕی کەسێکی پیرۆز و ئەولیا لە نێو ژوورێک یان شوێنێکی داخراو -یان لە نێو ئەشکەوتێک- ئەو شوێنە زیارەت دەکرێت و هەندێکجار دەپەرسترێت لەو بڕوایەی ئارامگەی ڕۆحێکی پیرۆزە، لەم شوێنەدا هەندێک شتی پیرۆز هەڵدەواسرێن و دادەنرێن، هەروەها لە دەوری ئەو مەزارە سەڵاوات لێدەدرێت، چالاکی ئاینی و بۆنەی ئاینی و بەکۆمەڵ ئەنجام دەدرێن، هەندێکجاریش قوربانی و دەسودیاریشی بۆ دەبرێت و لەدەوری مەزارەکە دادەنرێن(محمود، ٢٠٠٨،٧). لای میللەتە سەرەتاییەکان مەزاری جۆراوجۆر هەبوون، بڕوایان وابووە ئەو مەزارانە هێزی سەروسرووشتیان هەیە و دەتوانن کاری وابکەن کە مرۆڤی ئاسایی و گۆڕی مرۆڤە ئاساییەکان ئەو توانایەیان نییە، بەڵکو دەکرێ مەزاری ئەولیا و شێخ و پیاوچاکان ئەو هێزەیان هەیە، ئیتر لە ژیانی مرۆڤی سەرەتاییدا ئەم بیروباوەڕە بە شێوەیەکی حەتمی ئامادەیی هەبووە، تەنانەت لە ژیانی ئێستای خەڵکیشدا کەمتازۆر ئەو بڕوایە هەیە کە مەزارەکان دەتوانن مرازی دڵیان حاسڵ بکەن و نەخۆشەکانیان بۆ چاک بکەنەوە. هەروەها زیارەتی مەزار بریتییە لە سەردانکردنی مەزار و ڕێزگرتن لێی لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکییەک و بۆنەگێڕانێک لە دەوری مەزارەکەی و مرازگرتن و بانگکردنی ئەو پیاوچاکەی-کە بەبڕوای ئەو مەزارەکە پیاوێکی چاک و ئیمانداری لێنیو نێژراوە- بۆ گیرابوونی نزاکانی و پرسیارکردنی بۆ نازڵکردنی شیفای نەخۆشییەکەی یان ناردنی چارەیەک بۆ کێشەیەکی دیاریکراو یان بەڵایەک کە بەسەریداهاتووە(حسام الدین،٢٠١٨، ٣٨). لە شاری هەولێر چەند مەزارێک هەن کە خەڵکی شارەکە ڕۆژانی چوارشەممان سەردانیان دەکەن، ئەگەرچی ئێستا سەردانکاران کەمیانکردووە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو مەزارانە سەردانکاری خۆیان هەیە و یەکێک لەو مەزارانەش شێخی چۆلییە.

**5- شێخی چۆلی وەکو گۆڕستان**

لە شاری هەولێر چەندین گۆڕستان هەیە کە هەندێکیان ناوناوبانگی زۆریان هەیە وەک گۆڕستانی شێخ ئەحمەد، گۆڕستانی کارگەی قیر، لەنێو ئەو گۆڕستانانەشدا گۆڕستانی شێخی چۆلی یەکێکە لە گۆڕستانە بەناوبانگەکان کە مێژوویەکی دورودرێژی هەیە.

گرنگیدان بە گۆڕستان و سەردانکردنی کۆچکردووان وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی تەماشا دەکرێت، بەجۆرێک لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسە زندووەکان دەیانەوێت بەوشێوەیە ڕێز و خۆشەویستی خۆیان بۆ مردووەکەیان دەربخەن و جۆرێک لە پەیوەندیان بە دنیای نادیاری بەرزەخ بهێڵنەوە، هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دەوروبەریان دەیانەوێت بیسەلمێنن کە ئەوان مردوەکەی خۆیان لە بیرنەکردووە و لە یادگەیان ماوەتەوە، ئەوەش گەورەیی و شکۆمەندی مردووەکە دەردەخات بۆ خەڵکی(حسام الدین،٢٠١٨،٦٧). لەگەڵ ئەوەی مزگەوتی شێخی چۆلی مزگەوت و خانەقایە، ئەوا بەشێکیشی تەرخانکراوە بۆ گۆڕستان و خەڵکێکی

زۆر گۆڕی کەس و کاریان لەوێ دایە و مردوەەکانیانی تێدا ناشتوون. گۆڕستانی شێخی چۆلی دەکەوێتە لای پشتەوەی مزگەوتەکەوە، ئەمیش گۆڕی چەند بنەماڵەیەکی دیاری شاری هەولێرن.



وینەی (٩) گۆڕستانی شیخی چۆڵی نیشان دەدات




وێنەی (١٠) یەکێک لەو کێلە گۆرانە ڕووندەکاتەوە کە لە گۆڕستانی شێخی چۆلیدایە

دەرگای چوونە نێو گۆڕستانی شێخی چۆلی لەنێو حەوشی مزگەوتەکەوەیە، واتە سەردانکاران لەنێو مزگەتەوەکەوە دەچنە نێو گۆڕستانەکەوە. بەگشتی نەریتی خەڵکی هەولێر جۆرێکە کە ڕۆژانی پێنجشەممان یان ڕۆژی عەرەفات و ڕۆژانی پێش جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان سەر لەبەیانییەکەی -هەندێک جار بەشێویەکی کەمر عەسران دەچنە سەر قەبران-، ئەوە نەریتی باوی خەڵکی هەولێرە سەبارەت بە کاتەکانی سەردانکردنی گۆڕستان. بەمر شێوەیە، تێبینی دەکرێت کە مزگەوتی شێخی چۆلی سەنگ و گرنگیی خۆی لەنێو خەڵکی شاری هەولێر هەیە و ئەوەیشی کە ئەمر مزگەوتە لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە هەمر مزگەوتە هەمیش مەزار و گۆڕستانە. ئێستا شوێنی ناشتنی مردوو زۆر بەکەمی لێ ماوە. لەمر گۆڕستانەدا چەند بنەماڵەیەکی ناوداری شاری هەولێری لێ نێژراوە وەکو بنەماڵەی چەلەبی کە هەر دەچیە ژوورەوە لە لای چەپەوە نێژراون و شورەیان بۆ کراوە، شوێنی چەند کەسێکی کەمی لێماوە کە ئەوانەی کەماون بۆ خۆیان داناوە، لەوانەی کە لەوێ نێژراون حاجی قادر چەلەبی، محمود چەلەبی، ئەحمەد چەلەبی، عبدالخالق چەلەبی شهاب چلبی، جودت محمد هاشم دباغ، سیامەند چەلەبی محمد هاشم چلبی الدباغ، بنەماڵەی حاجی سعید خله(ماڵی حاجی یحیی)، د.نەریمان قۆچە، حاجی ڕشید ئاغا، وەیسی ئاغا، فرید ئاغا، شفیق خان، نفیس خان، فتاح چلبی، ملا محمدامین کونەفلوسەیی ساڵی(١٩٤٠) وەفاتی کردوە پێیان دەگوت شافعی و فتوا لەلای ئەو دەردەچوو سەردەمی مەلائەفەندی بوو، ،ملا عبداللەی مدرس کوڕی ملا محمد امین کە(١٩٦٠) کۆچیکردووە، ملا صالحی کوزە پانکەی، نوسەر و زانای ئاینی بووە و چەند کتێبێکی هەبووە، حەمە شێت وەلی بووە، ڕەمزی نافع یونس ئاغا- پێشتر ئاڵای کوردستان درابوە سەری بەڵامر ئێستا لابراوە، شاعیری هەولێرمەعروف چیاوگ کە نوێنەری شاری هەولێریشبووە لە پەرلەمانی عێراق ، هەروەها یەک لە خێزانی شێخی چۆلی و کچەکەی لێرەدا نێژراون.

**6- ئەرکە ڕوحی و ئاینیەکانی مزگەوتی شێخی چۆلی:**

ئاین و مەراسیم و بیر و باوەڕە میللییەکان یارمەتی تاک دەدەن کە لە گەردوون تێبگات و بزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکات، تاک هەوڵدەدات ئاینەکەی دیاریبکات بە پیی ژینگەکەی و پێداویستییە تایبەت و گشتییەکانی، بۆ ئەمەش هەندێک لایەن فەرامۆش دەکات و هەندێکی تریشی زەق دەکاتەوە، هەروەها شیکردنەوەی بۆ دەکات بەپێی کات و زەمان. خواپەرستی دوو شێواز لە خۆ دەگرێت خواپەرستی تاکی و بەکۆمەڵ. بیروباوەڕی ئایینی دروست بووە لای خەڵکی بەهۆی سادەیی و کەمی ئەزموونیان وایکردووە کە پەنا بۆ مەزارەکان بەرن بۆ گیرابوونی نزا، مراز و هیواو ئامانجەکانیان؛ ئەمەش لە ڕێگای سەردانیکردن و هەڵدانی پارچە پەڕۆک بۆ بنمیچی ژوورەکە تاکو بێتە تفەرک، دواتر ئەو پەڕۆکە بۆ هەموو نەخۆشییەک دەشیا ، هەمووکەس و ناسیاو (ئەوانەی بڕوایان پێبوایە)دەیانبرد بۆ چاک بوونەوە لە نەخۆشی دواتر بۆ خاوەن ماڵ دەیانگەڕاندەوە، یاخود هەرشتێکی تر هەروەکو ئێستا بەزۆری تەسبیح دەبەن بەسەر مەزارەکەیدا دەهێنن و دواتر دەیدەن بە نەخۆش و دەردەدار تاکو چاک بێتەوە، هەندێکیان شیرینیان دەبرد لەوێ دەیان بەخشاندەوە و هەندێکیشیان لەو شیرنییە دەبردەوە ماڵ بۆ چاک بوونەوە لە نەخۆشی بەکارییان دەهێنا. یاخود پارچە پارەیەکی مەعدەنی شێوە خڕ بە شوێنێکی دیاریکراو لە دیوارێکی ژووری مەزارەکەدا دەهێنێ بەنیەتی حاسڵ بوونی مراز و چاک

بوونەوە لە نەخۆشی، هەندێکی تریان حەوت جار دەسوڕێنەوە بەدەوری مەزارەکە و دوعاکردن دەست خشاندن بەسەر مەزارەکە و دواتر بەخۆیدا دەهێنێ. کاتێ مرازیان حاسڵ دەبێت ئەوا ئاژەڵێک دەهێنن بۆ سەر مەزارەکە سەری دەبڕن و لەوێ دەیکەنە خێر بەسەر ئامادەبووانی دەبەخشێننەوە یانیش مەنجەڵێک خواردن ئەویش بەزۆری دۆڵمە یاخود بریانی بەسەر ئامادەبووان دەبەخشنەوە. مزگەوتی شێخی چۆلی چەند ئەرکیەکی ڕووحی و ئاینی هەیە هەر لە دێر زەمانەوە تاکو ئێستاکە ئەم ئەرکیەی ماوە ئەوانیش: خواپەرستی، ئارامگرتن، چابوونەوە لە نەخۆشی، تفەرک(متفەرک یا تەبەروک)، خێرکردن، مراز حاسڵ بوون.

5-1 **ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی مزگەوتی شێخی چۆلی:**

بەشێوەیەکی گشتی لایەنی کۆمەڵایەتی تێکەڵاو دەبێ لەگەڵ لایەنی ئاینیی، تاکی باوەڕدار بەشێوەیەکی پۆزەتیف سەیری کاریگەری ئاین و کۆنترۆڵکردنی ئایین بۆ کۆمەڵگا دەکات، بەڵام لە بەرامبەردا کەسی عەلمانی(بێ باوەڕی ئاین) بە نێگەتیف سەیری دەکات، بەلەبەرچاوگرتنی ئایین و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا، شوێنی مەزارگە تەنها بۆ نزا و مراز حاسڵ بوون نییە، بەڵکو زۆر لەوەزیاترە، پێشتر جگە لە بەجێگەیاندنی لایەنی ئاینیی، کۆبوونەوەی دۆست و خۆشەویستان، شوێنی دۆزینەوەی هاوسەر بۆ کچ و کوڕان و گەشتی ئافرەتان بوو، بەڵام ئێستا شوازەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و سەردانیکەرانی کەمتربۆتەوە، بەهۆکاری بەرزبوونی ئاستی هۆشیاری تاک و تێگەیشتنی خەڵک بەرامبەر بە مەزارەکان. ئاین هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، ئەمەش کاریگەریی هەیە لەسەر شێوازی بیرکردنەوەیان و شێوازی ژیانیان، بەم پێیەش کاردەکاتە سەر جل و بەرگ، خواردن و هەروەها دیاریکردنی داب و نەریتەکانی هاوسەرگیری و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ.

6- **ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

-شێخی چۆلی شوێنێکە(مزگەوت، مەزار و گۆڕستان) بەوپێیە کە نوێژی هەینیشی تیا دەکرێت، تاکو ئێستاکەش خەڵکی سەردانی دەکەن وەکو مزگەوت و مەزار بەو پێیەی پیرۆزی خۆی لەدەست نەداوە. هەروەها گۆڕستانی شێخی چۆلی بەردەوام خەڵکی سەردانی دەکەن بە تایبەت لە ڕۆژانی دوو شەممان و پێنج شەممەندا.

-مزگەوتی شێخی چۆلی چەند ئەرکیەکی ئاینی، ڕوحی و کۆمەڵایەتی هەیە، یەکێکە لە مزگەوتە دیارەکانی شاری هەولێر کە بە بەردەوامی کراوە بێت، بەوپێیەی لە دوای هەموو نوێژەکان مزگەوتەکان دادەخرێت، بەهۆی پەتای کۆڕۆنەوە کە لەساڵی(٢٠٢٠) گشت جیهان و هەرێمی کوردستانی گرتەوە.

-تاکو ئێستاکە خەڵکی مراز لە خۆیان دەگرن و دوای گیرابوونی مراەکەیان دەچنە شێخی چۆلی و خێرەکە دەکەن؛ متمانەی تەواویان پێ هەیە.

-ئەگەر مزگەوتەکانی شاری هەولێر هەندێکیان بەربانگی ڕەمەزانیان تیادا دەکرێت، بەڵام بەوپێیەی مزگەوتی شێخی چۆلی یەکێکە لە و مزگەوتانەی کە ڕۆژانە خواردنی نیوەڕوانی تیادا ئامادە دەکرێت جگە لە ڕۆژانی هەینی نەبێت، بەڵام لە ڕەمەزانانندا بەربانگی ئێوارەی تیادا دەکرێت، هەروەها لە یەکەم ڕۆژی جەژندا (جەژنی ڕەمەزان و قوربان)خواردنی جەژن دەکەن دوای وتاری جەژن خواردنەکە پێشکەش دەکرێت.

-تاکو ئێستاکە شێخی چۆلی پێگەو پیرۆزی خۆی لە دەست نەداوە لە نێو خەڵکی شاری هەولێر.

7- **پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:**

١پێشنیاز دەکەین لەلایەن حکومەتەوە گرنگی زیاتر بە مزگەوتی شێخی چۆلی بدرێت، چونەک یەکێکە لە سیمبوولە دیارەکانی شاری هەولێر

٢-وەکو شوێنەواری دێرینی ئەم شارە مامەڵە لەگەڵ شێخی چۆلیدا بکرێت و، بکرێتە ناوەندێکی گەشتیاری خەڵکی لەدەرەوەی شاری هەولێر و هەرێمی کوردستان سەردانی بکەن، ئەمەش کاری دەستەی گەشتیاری هەرێم و بەهاماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و ڕۆشنبیری دەبێت.

8- **ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:**

١-توێژینەوەی دیکە بکرێت تایبەت بێت بە مەزاری شێخی چۆلی توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی بێت، لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیەی بەردەست سەرەتایەکی بچوکە لەبارەی مەزاری شێخی چۆلییەوە.

٢- توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی بکرێت سەبارەت بە گۆڕستانەکانی شاری هەولێر.

٣-توێژینەوەی دیکە ئەنجامبدرێت لەبارەی سیمبولەکانی دیکەی شاری هەولێر، نموونەی بازاڕی شیخەڵا، چایخانەی مەچکۆ.

## 5- لیستی سەرچاوەکان


١-ئیسماعیل، زوبیر بیلال (2009). مێژووی هەولێر، و: عبدولخالق هورمزیار، ئینسکلوپیدیای هەولێر، بەشی سێیەم: مێژووی کۆن، بیروت: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان.

٢-ئیسماعیل، زوبێر بیلال(2017). شێخی چۆلی-محمد ئەنائەدین کوڕی موستەفا کوڕی حاجی عومەر ئەربیلی نەقشبەندی-، و: عیمادەدین فائیز عبداللە، چاپی دووەم، هەولێر: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە.

٣-العقبي، صلاح مؤيد (2002) الطرق الصوفية في الجزائر تاريخها ونشاطها، بيروت: دار البراق.

٤-حسام الدين، بركات(2018)، التحولات الثقافية لزيارة الاضرحة بالزيبان بين القداسة و السياحة-ضريح عقبة ابن نافع انموذجا-رسالة ماجستير في الانثروبولوجيا الاجتماعية و الثقافية، شعبة الانثروبولوجيا، قسم العلوم الاجتماعية، جامعة محمد خضير، بسكرة.

٥-السعدني، أحمد محمد سعيد(2018)، المساجد بين الماضي والحاضر نظرة مستدامة، Journal of Urban Research, Vol. 32, April، P.109-130 ,

٦-سەرابی، شوان (2009). مزگەوت و خانەقای شێخی چۆلی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی 5، مێژووی کۆن، بیروت: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان.

٧-شێخ محمد، شێرزاد(2011). المقابر و المزارات و الاضرحة في اربيل، اربيل: مطابع وزارة الاوقاف و الشؤون الثائينية.

٨-شاکەلی، ئەمجەد(2019). خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی، تاران: هاوسانی بۆ پەروەردە و مەعریفە.

لوبون، غستاف(1965)، حضارة العرب، ترجمة: عادل عيتر، القاهرة: دار احياء الكتب العربية.

٩-محمد، حمدان رمضان(2020)، دور المسجد في تحقيق الاندماج السياسي في المجتمع الراقي المعاصر-دراسة تحليلية من منظور اجتماعي، مجلة كلية العلوم الاسلامية، المجلد السابع، العدد ١٣.

١٠-محمود، عبدالرزاق صالح(2008)، زيارة الاضرحة و المراقد (ضريح عمر مندان انموذجا)-دراسة اجتماعية طبية، دراسات موصلية-العدد التاسع عشر-صفر-شباط.

١١-المسلمي، محمد كمال عليوة(2010)، الوظيفة التربوية للمسجد في ظل المتغيرات المجتمعية المعاصرة، مجلة كلية التربية، بور سعيد، العدد السابع.


**شيخ الجولي**

**(دراسة انثروبولوجية)**


**الخلاصة**

تعتبر المساجد والأضرحة مقدسة لدى أهالي أربيل. يُعرف الشيخ الجولي بأنه رمز لأربيل. الشيخ جولي هو مسجد ومقبرة وضريح ومكان طهي الطعام للفقراء و المحتاجين. لقد كان للشيخ جولي موقعه الخاص منذ زمن طويل، ويؤمن أهالي أربيل بقدسية هذا المكان، ولا يزال هذا المسجد مفتوحًا للمصلين. تم بناء الشيخ الجولي منذ 139 عامًا ، ويتم طهي الطعام هناك منذ 120 عامًا. السؤال الرئيسي للدراسة: ما هي خصائص الشيخ الجولي وكيف لعب دوره كمسجد وضريح ومقبرة؟ أهمية الدراسة: لا يزال الشيخ الجولي مكانا مقدسا وأحد رموز أربيل وله أهمية خاصة بين سكان المدينة. تهدف هذه الدراسة إلى وصف الشيخ جولي وإبراز وظائفه الاجتماعية والدينية والروحية في أربيل، وكذلك التعرف على السمات المميزة للشيخ جولي في المساجد والأضرحة والمقابر الأخرى في أربيل. الدراسة الموسومة هي دراسة انثروبولوجية و المنهج المستخدم (الإثنوغرافية والسيمولوجية). من نتائج الدراسة: يزور الناس الشيخ جولي كمسجد وضريح ومقبرة ولم يفقدوا ثقتهم بقدسيته. ضريح الشيخ جولي يزورها الناس خاصة أيام الخميس. للشيخ جولي العديد من الوظائف الدينية والروحية والاجتماعية. حتى الآن ، يثق به أهالي اربيل لتحقيق امنياتهم. تقدم بعض المساجد في أربيل الإفطار الرمضاني، لكن الشيخ جولي يعد الغداء يوميا ماعدا أيام الجمعة، وفي أول أيام العيد (رمضان وعيد الأضحى) تقدم الوجبات بعد خطبة العيد.


**كلمات مفتاحية:** (المسجد ، الضريح ، شيخ الجولي ، الوظيفة الاجتماعية ، الوظيفة الدينية والروحية)

**Sheikh Choly**
(**Anthropological Study**)

**Nadia Wali Jabar**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

Mosques and shrines are sacred to the people of Erbil. Sheikh Choly is known as a symbol of Erbil. Sheikh Choly is a mosque, cemetery, mausoleum and a place to cook food for the poor and needy. Sheikh Choly has had his own site for a long time, and the people of Erbil believe in the sanctity of this place, and this mosque is still open to worshippers. Sheikh Choly was built 139 years ago, and food has been cooked there for 120 years. The main question of the study: What are the characteristics of Sheikh Choly and how did he play his role as a mosque, a shrine and a cemetery? The importance of this research: Sheikh Choly is still a sacred place and one of the symbols of Erbil and has a special importance among the city's residents. This study aims to describe Sheikh Choly and highlight his social, religious and spiritual functions in Erbil, as well as identifying the distinctive features of Sheikh Choly in mosques, shrines and other cemeteries in Erbil. The tagged study is an anthropological study and the method used (Ethnographic and Semiology). From the results of the study: People visit Sheikh Choly as a mosque, a shrine and a cemetery, and they did not lose their confidence in his sanctity. The shrine of Sheikh Choly is visited by people, especially on Thursdays. Sheikh Choly has many religious, spiritual and social functions. Until now, the people of Erbil trust him to fulfill their wishes. Some mosques in Erbil serve Ramadan breakfast, but Sheikh Choly prepares lunch every day except on Fridays, and on the first days of Eid (Ramadan and Eid al-Adha) meals are served after the Eid sermon**.**

**Keywords**: The Mosque, The Shrine, Sheikh Choly, The Social Function, The Religious and Spiritual Function.